Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10311

# ڕاستگۆیی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و ڕۆڵی لە گۆڕینی ئاڕاستەکانی بینەراندا

**فرحان حەمەخان تۆفیق، سەلام نصرالدین محمد**

،بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ریکلامی تەلەفزیۆنی لە کوردستان و زۆربوونی خواست و بەرکەوتنی هاووڵاتیان لەگەڵ ژمارەیەکی فراوان لە پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان و گەشەکردنی فراوانی تەلەفزیۆنەکان و پشت بەستنیان بە ئامرازە نوێیە تەکنەلۆجیەکان بوەتە هۆی گەشەکردنی فراوانی ڕیکلام لەناو کۆی ژانرە تەلەفزیۆنیەکاندا، لەم ڕوانگەیەوە توێژەر لە چوارچێوەیەکی ڕاستگۆیی ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان و ڕۆڵیان لە گۆڕینی ئاڕاستەکانی بینەراندا ئەم توێژینەوەیەی ئەنجام داوە، بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تا ئێستا بە شێوەیەکی تایبەت،توێژینەوە نەکراوە لەسەر بوونی ڕاستگۆیی لە پەیامە ریکلامیەکان و ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێت لە گۆڕینی ئاڕاستەی بینەراندا. توێژەر لەم توێژینەوەدا،میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بەبەکارهێنانی شێوازی مەیدانی،کە یەکێک لە دیارترین ڕێبازەکانی توێژێژینەوەی زانستیە لە بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە، توێژینەوەکە، فۆرمی (ڕاپرسی ) بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە دانیشتوانی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، کە بەشێوەی مەبەستدار وەرگیراون، لە دیارترین ئەو ئامانجانەی کە توێژەر هەوڵی بەدیهێنانی داوە بریتین لە :زانینی ڕادەی تەماشاکردنی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لەلایەن بینەرانەوە. زانینی ڕادەی متمانەی بینەران بە پەیامە ریکلامیەکان .

لەدیارترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەشتووە بریتین لە :

1. بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەشتووە. دەرکەوتووە کە ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا لە ئاستێکی نزمدایە،بەبۆچوونی توێژەر ئەوەش بۆ ئەو گەورەکردن و زیادەڕۆییە دەگەڕێتەوە کە لەریکلامە بازرگانیەکاندا بەکاردەهێنرێت.

2.ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن کە ریکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکان نەیانتوانیوە ئاڕاستەکانی بینەران سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بگۆڕن، ئەمەش بە بۆچوونی توێژەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ریکلامی تەلەفزیۆنەکوردیەکان نەیانتوانیووە وێنەیەکی تەواوی شمەک و بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بخەنە ڕوو، کە جێگەی ڕەزامەندی بەکار هێنەران بێت.

3. دەرکەوتنی هونەرمەند و کەسایەتی وپیشکەشکارەکان، نەیان توانیوە کاریگەریان هەبێت لەسەر ڕادەی ڕاستگۆیی و درووستکردنی بۆچوونی نوێ، سەبارەت بە بابەتە ریکلام بۆکراوەکان، بەڕای توێژەر هۆکاری ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ریکلامکارەکان زیاتر بۆ سودی خۆیان ریکلامەکان دەکەن ، کەمتر پەیوەست دەبن یاساوئیتیکی ریکلامەوە .

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

ڕاستگۆیی، ڕیکلامی تەلەفزیۆنی، گۆڕینی ئاڕاستە، بینەر

***Corresponding Author***

**farhanhalabja@gmail.com**

**salam.mohammed@univsul.edu.iq**

**پێشەکی** لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە خێرایانەی کە لە هەرێمی کوردستان و لەبواری ڕاگەیاندن و پەخشی تەلەفزیۆن و دروستبوونی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی ریکلامی تەلەفزیۆنی هاتوونەتە ئاراوە، لەو چوار چێوەیەدا چەندین کەناڵ لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە لە چوار چێوەی بەرنامە و پرۆگرامەکانیاندا ریکلامی جۆراو جۆر بڵاودەکەنەوە، لەم

نێوەندەدا توێژینە لەسەر ئەم بارودۆخە نوێیە، پێداویستیەکی گرنگی کۆمەڵگەیە بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی ئەم بارودۆخە نوێیە و تێگەشتن لەپەیامە ریکلامیەکان.

ڕاستگۆیی ریکلامی تەلەفزیۆنی و ڕۆڵی لە گۆڕینی ئاراستەی بینەراندا ناونیشانی توێژینەوەکەیە، ئەمەش لە چوارچێوەی هەستکردنی توێژەرە بە زانینی ڕادەی ڕاستگۆیی ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان و ڕۆڵیان لەسەر گۆڕینی ئاراستەکانی بینەران لەرێگەی ناوەڕۆکی پەیامە ریکلامیەکانەوە .

ئەم توێژینەوە لەسەر بنەمای ئەو تەوەرانەی دیاری کراوە دابەشکراوە بۆ چوار بەشی سەرەکی لە بەشی یەکەمدا (ناونیشانی توێژینەوە و کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و میتۆدی توێژینەوە و کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە و ڕاستگۆیی و جێگیری و بوار و سنوری توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو لەگەڵ پێناسەکردنی چەمکەکان ) خراوەنەتە ڕوو .

لەبەشی دووەمدا چوارچێوەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕووکە پێکهاتووە لە دوو پاری پەیوەستدار بە یەکەوە، لە پاری یەکەمدا باس لە ریکلام بەشێوەیەکی گشتی وەک چەمک و پێناسە و سەرهەڵدان و ئەرک و ئامانج و قۆناغەکانی گەیشتنی پەیامی ریکلام بە وەرگرو پەیوەندی ریکلام بە بوارەکانی ترەوە کراوە، لە پاری دووەمدا باس لە چەمکی تەلەفزیۆن و ریکلامی تەلەفزیۆنی و مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ریکلامی تەلەفزیۆنی جۆر و شێوازەکانی و بنەما ئەخلاقیەکانی ریکلامی تەلەفزیۆنی و ڕەگەز و تایبەتمەندیەکانی ریکلامی تەلەفزیۆنی کراوە، بەشی سێهەمی توێژینەوەکە باس لەڕاستگۆیی ریکلامی تەلەفزیۆنی و گۆڕینی ئاراستەی بینەران کراوە، لەو چوار چێوەیەدا لە پاری یەکەمدا، پێناسەی ئاراستە و پێکهێنەرەکانی ئاراستە و ئەرک و جۆرەکانی ئاراستە و پێکهێنان و گۆڕینی ئاراستەکردووە،لە پاری دووەمدا، پێناسەی ڕاستگۆیی و پێکهێنەرەکانی ڕاستگۆیی و ڕەهەندەکان و جۆرەکانی ڕاستگۆیی و هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر ڕاستگۆیی و کێشەکانی پێوانەکردنی ڕاستگۆیی لە ریکلامدا خراوەتە ڕوو، بەشی چوارەم تایبەتە بە لایەنی مەیدانی کە پێکدێت لە خستە ڕووی ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەشتووە لە ڕێگەی کاری مەیدانی و دابەشکردنی فۆرمی توێژینەوەکەوە بەسەر بەرتوێژاندا.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوە

پەیبردن و گەڕان بەدوای کێشە و گرفتێک بۆ توێژەر، دەبێتە سەرەتایەک بۆ کارکردن لەسەر بابەتێک و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ بابەتەکە لە سۆنگەی زانینی هۆکارەکانیەوە. کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی ڕادەی بوونی ڕاستگۆیی لە ریکلامە تەلەفزیۆنیەکاندایە لەناوەڕۆکی ئەو پەیامە ریکلامیانەی کە بڵاودەکرێنەوە. بەمەبەستی بەدەستهێنانی وەڵام بۆ کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە توێژەر ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو :

1. ڕادەی تەماشاکردنی ریکلامە تەلەفزیۆنیەکان لە چ ئاستێکدایە؟
2. تاچەند بینەران متمانەیان بە پەیامە ریکلامیەکان دەکەن؟
3. تاچەند بینەران ڕاستگۆیی لە پەیامە ریکلامیەکان دەبینن و ڕەچاوی ڕاستگۆیی لە خستەڕووی زانیاریەکان دەکرێت؟
4. تاچەند ریکلامە تەلەفزیۆنیەکان ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕینی ئاراستەکانی بینەراندا؟

### دووەم: گرنگی توێژینەوە :

1. لەڕووی زانستیەوە: بەوپێیەی ریکلام چالاکیەکی پەیوەندی کردنە، بەردەوام لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا بەرکەوتنی هەیە، بەئامانجی دروستکردنی کاریگەری لەلایەن ریکلامکارەکانەوە وەک پەیامێک ئاراستەدەکرێت، پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە لە ڕوی چونێتی و جۆریەتی ئەو ریکلامانەی ئاراستەی وەرگران دەکرێن، ڕادەی ڕاستگۆییان دەستنیشان بکرێت .
2. لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە: بەوپێیەی ریکلام پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە و ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگادەکرێت، کەواتە بوونی هەر گوتارو پەیامێکی ریکلامی کاریگەری لەسەر وەرگر دروست دەکات، بۆیە پێویستە کار لەسەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەو پەیامە ریکلامیانە بکرێت و لەڕووی باشی و خراپیەوە جیابکرێنەوە.
3. لەڕووی میدیایی و زانستی ڕاگەیاندنەوە: ئەم توێژینەوەیە لە داهاتوودا دەتوانرێت ببێتە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ ئەوکەس و لایەنانەی لەبواری ریکلامدا دەخوێنن یان کاردەکەن، دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستیش بۆ کتێبخانە و ناوەکاندەکانی توێژینەوە و ناوەندە ئەکادیمیەکان.

### سێهەم : ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە مەبەستەکان ڕوونەدەکاتەوە ، هەموو هەنگاوێکی بەشەکانی توێژینەوە بە شێوەیەکی وورد و ڕۆشن، دیاریدەکات و تەواوی زانیاریە بنیایەخەکان دوور دەخەنەوە(بۆکانی،2016: 49-50)، لێرەوە دەتوانین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم جۆرە دیاریبکەین:

1. زانینی ڕادەی تەماشاکردنی ریکلامە تەلەفزیۆنیەکان لەلایەن بینەرانەوە.
2. زانینی ڕادەی متمانەی بینەران بە پەیامە ریکلامیەکان
.

3. خستنە ڕووی ئاستی ڕاستگۆیی لە پەیامە ریکلامیەکان و ڕەچاوکردنی ڕاستگۆیی لە زانیاری پەیامە ڕیکلامیەکاندا .
4. زانینی ڕۆڵی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لە گۆڕینی ئاراستەکانی بینەراندا.

### چوارەم: کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە:

مەبەست لە کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە، سنوری ئەو کۆمەڵگەیە کە توێژەر توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدات، هەموو ئەو توێژانە دەگرێتەوە کە بەشداری توێژینەوەکە دەکەن، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەم توێژینەوە بریتیە لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەم جۆرە:

1. کۆمەڵگەی مرۆیی:کە بریتیە لەدانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە.
2. کۆمەڵگەی بابەتی: کە بریتیە لە پەیامە ریکلامە تەلەفزیۆنیەکان.

### سامپڵی توێژینەوە:

بەشێکی دیاریکراوی هەموو توێژینەوەیەکە کە توێژەران بەئامانجی گشتاندنی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەسەر کۆمەڵگەکەدا، هەڵیدەبژرێت، سامپڵی مرۆیی ئەم توێژینەوە دانیشتوانی ناوەندی/سەنتەری پارێزگای هەڵەبجەیە، کە بەشێوەی مەبەستدار وەرگیراون.

سامپڵی بابەتی توێژینەوەکە، تەنها ئەو ریکلامە تەلەفزیۆنیانەی لە کەناڵە کوردیەکاندا پەخش دەکرێن وەرگیراون.

### پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە:

جۆری میتۆدی بەکارهێنراو بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە میتۆدی وەسفی، بەبەکارهێنانی ڕێبازی مەیدانی، ئەوەش بە باشترین ڕێباز دادەنرێت بۆ ئەم توێژینەوانە کە توێژەر کاری لەسەر بکات بەئامانجی زانینی ڕادەی ڕاستگۆیی لە ریکلامی کەناڵەتەلەفزیۆنیە کوردیەکان و گۆڕینی ئاراستەکانیان.

### شەشەم: بوار و سنوری توێژینەوە:

### بوار و سنوری توێژینەوە لەم خاڵانەدا خراوەتە ڕوو :

1. بواری شوێن: هەرێمی کوردستان –پارێزگای هەڵەبجە.
2. بواری کات: ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە ڕویی مەیدانیەوە 1-6-2022 بۆ 10-12-2022.
3. بواری مرۆیی: هاوڵاتیانی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە وەک سنوری توێژینەوەکە دیاریکراوە.

### حەوتەم : پێناسەی چەمکەکان :

1. ڕاستگۆیی: بریتە لە ڕادەی بەرجەستەبوونی زانیاری ڕاست و درووست و وورد سەبارەت بەو بابەتەی دەخرێتە ڕوو بۆ کەسێک یان لایەنێک، بەمەبەستی ئاگادارکردن یان هەوڵدان بۆ ئەنجام دانی کارێک لەسەر بنەمای ئەو پەیامەی کە ئاڕاستەی کراوە.
2. ریکلامی تەلەفزیۆنی:مەبەست لێی شێوەی خستە ڕووی ئەو زانیاریانەیە کە ڕیکلامکار بەکاریدەهێنێت،بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکە ڕیکلامیەکەی بە ئامانجی گەیشتن بەوەرگرو دروستکردنی کاریگەری لەسەریان،بە بەکارهێنانی ڕەگەزە جیاوازەکانی ژیریێژی وەرگر و ڕادەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریان.
3. ئاراستە: بریتیە لە ویستی تاك بۆ وەڵامدانەوەیان بەرپەرچدانەوە، بەرامبەر بە بابەتێك یان کەسێك یان دامەزراوەیەك یان بۆ چوونێك ، پاش وەرگرتنی پەیامە ئاراستە بۆ کراوەکە،بەشێوەیەکی ئامادەگی هزری لە بارێکی دیاریکرا و لەسەر ئەو شارەزاییەی کە هەیەتی .
4. بینەر: بینەران پێکدێن لە کۆمەڵێک لە تاکەکان، کە خاوەن تایبەتمەندی جیاجیان لە ڕووی ئاست و بیرکردنەوە و ڕادەی هۆشیاریانەوە، ڕۆژانە بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو پەیامانە هەیە کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاراستەیان دەکرێت .

### هەشتەم: توێژینەکانی پێشوو:

توێژینەکانی پێشوو ئامرازێکی گرنگن کە بەرچاوڕوونی بە توێژەر دەدات، تابتوانێت، گریمانەکانی توێژینەوەکەی و چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە لەهەردوو بواری تیوری پراکتیکی بۆ ڕوون بێتەوە ،هەنگاوە نەزانراوەکان ئاشکرا دەکەن و وەڵامی دەیان پرسیاری نەزانراو ئاشکرادەکەن و وەڵامی دەیان پرسیاری ئایندە دەدەنەوە(بۆکانی، سەرچاوەی پێشوو: 57)

**یەکەم: توێژینەوەکوردیەکان:**

یەکەم: بەناز ئەحمەد مجد(2017)

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (نەخشەسازی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی ڕۆژنامەوانیدا، گۆڤاری لڤین و ڕۆژنامەی ئاوێنە بەنموونە)یە توێژەر میتۆدی (وەسفی ) بە بەکارهێنانی شێوازی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتیە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان.گرنگرتین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. ڕەگەزە هونەریەکان زۆرترین بەکارهێنانیان پێکراوە لە گۆڤارەکە بەتایبەتی وێنە و نیگار.
2. ناهاوسەنگی و جیاوازی هەیە لە ڕێژەی بەکارهێنانی ڕەگەزە هونەریەکان .

**دووەم: ئەحمەد قادرعەلی(2017)**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕۆڵی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر لە پۆشاکپۆشیدا) بە توێژەر میتۆدی (وەسفی ) بە بەکارهێنانی شێوازی ڕەواڵەتی بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتیە لە خوێندکارانی

زانکــۆی گەشــەپێدانی مــرۆیی ،گرنگــرتین دەرئەنجامەکــانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. خوێنـدکارانی زانکـۆی گەشـەپێدانی مـرۆیی پشـت بە ریکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان نابەستن بۆ هەڵبژاردنی جۆری پۆشاک .
2. ریکلامی پۆشاک لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان نەیتوانیوە کـاریگەری لەسـەرزۆرینەی خوێنـدکارانی زانکـۆی گەشەپێدانی مرۆیی دروست بکات .

**دووەم: توێژینەوە عەرەبیەکان:**

**یەکەم: کریم مشط الموسوی(2007)**

ئەم تـوێژینەوەیە تـێزێکی دکتـۆرایە بەناونیشـانی (الحمـلات الاعلانیە في انتخابات مجلس نواب العراقي الدائم2005) یە توێژەر میتۆدی (شیکاری ناوەڕۆکی ) بەکارهێناوە، کۆمەڵگای تـوێژینەوەکەی بـریتیە لە ڕۆژنامەکـانی ( بەیـان و اتحـاد و المشرق) ،گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. زۆری ژمارەی ریکلامەکان ئەمەش دەرخەری گـرنگی ریکلامەکانە.
2. شـێوازەی جیاجیـا بەکـارهێنراوە بـۆ پیشـاندانی کاندیدەکان و چەند بارەریکلامیان بۆ کراوە .

**دووەم: سهاد عدنان جلوب ألمطیری(2006)**

ئەم تـوێژینەوەیە نـامەیەکی ماسـتەرە بەناونیشـانی (مصـداقیە الاعلان التلفزیـوني في القنـوات الفضائیە العـربیە وعلاقتـە بالاتجاهات الشرائیە) یە توێژەر میتۆدی (شیکاری ناوەڕۆکی ) بەکارهێنـاوە، کۆمەڵگـای تـوێژینەوەکەی بـریتیە لە کەناڵی ( العراقیە) ،گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. زیادەڕۆیی لە ریکلامەکانی تەلەفزیۆنەکەدا هەیە .
2. بەکارهێنانی ڕەنگەکان دووبارەکردنەوەیان کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر وەرگرەکان .

## نۆیەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

دوای ئەوەی تــوێژەر ژمــارەیەک تــوێژینەوەی نزیــک لە ناونیشانەکەی خۆی دەستکەوتن،لەو سۆنگەیەوە توێژەر توانی چوارچێوەگشــتیەکانی تــوێژینەوەکە دیــاری بکــات، لەڕووی میتــۆدی تــوێژینەوە و چــۆنیەتی بەکارهێنــانی ئامرازەکــان و کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە و دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی. دەتوانرێـت گـرنگی توێژینەوەکـانی پێشـوو لەم چەنـد خـاڵەدا بخرێتە ڕوو:

1. ڕوونـاکردنەوەی هێڵەگشـتیەکانی تـوێژینەوەکە و جێگیرکـردنی ئامـانج و ڕێکخسـتنی فـۆرمی ڕاپـرسی و بەکارهێنانی ئامرازە ئاماریەکان .
2. سودوەرگرتن لێیان وەک سەرچاوەی زانستی
3. زانینی ڕاسپاردە و دەرئەنجامەکانیان و سـودوەرگرتن لە هەردوولایەنی تیۆری و پراکتیکی توێژینەوەکان.

## بەشی دووەم : ریکـلامی تەلەفزیـۆن و کـاریگەری لە ئاراستەکانی بینەراندا

**یەکەم: ریکلامی تەلەفزیۆنی**

لەدوای جەنگی دووەمی جیهـانی، تەلەفزیـۆن وەک ئـامرازێکی نوێی ریکلام دەرکەوت، کە توانی لەساڵی 1950 داهاتی ریکلام لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە بەرز بکاتەوە بۆ 5700 ملیۆن دۆلار، لەشەسـتەکاندا وەک ئـامرازێکی جـوان و بەهـێزی ریکـلام دەرکەوت کەوەک ئاماژەی بۆ دەکرێت لەوکاتەدا لە ئەمریکا 46 ملیـۆن خـێزان بینـەری تەلەفزیـۆن بـوون، دواتـریش دامەزراوە ئابوریەکـان کردیـانە هەڵـبژاردنی یەکەمیـان بـۆ بڵاوکـردنەوەی ریکلامەکانیان(صابر:2009: 72)، تەلەفزیـۆن بەیەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی ریکلام کردن دادەنرێت بۆ بەدیهێنـانی خواسـتەکانی ئەوکەسـانەی کە هەڵدەسـتێت بەریکلامکـردن بـۆ شـمەک و خزمەتگوزاریەکان بۆ بەدیهێنانی خواسـتەکانی بەکـاربەر، لە ئێسـتادا تەلەفزیـۆن توانیـویەتی ژمـارەیەکی فـراوان لە کەناڵەکان لە ڕێگەی ریمـۆت کـۆنترۆڵەوە کۆبکاتەوە، ئەوەش وایکـردووە بینـەری ژمـارەیەکی فـراوان لە ریکلامەکـان بـین لە ڕێگـەی تەلەفزیۆنەوە(سـعود،2006: 4 ) بەهـۆی ئەو پیشـەکەوتنە گەورەیەی کە تەلەفزیون بەخـۆیەوە بینیـویەتی چەنـدین کەنـاڵی لە ریمـۆت کۆنترۆڵێکـدا کـۆ کـردوەتەوە، بەگـۆڕینی کەناڵەکان لەلایەن کەسـەکەوە و بینی ریکلامی فراوان کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی دروست دەبێت، کاتێك چەنـدین جـار ریکلامەکە دەبینێتـەوە، داهێنـانی نـوێ ودانانی کاریگەریەکان بە تایبەتی لە نێوان دەنـگ و وێنەکان، وایکردووە ببێتە هۆکارێکی گرنگی باوڕپێکردن، بەهۆی دەستەبەر کــردنی کــاتێکی زۆرەوە بــۆ ریکلامــەکان، کەلەلایــەن ریکلامکارەکانـەوە لـە بەرنامـە تەلەفزیونیەکانـدا دەسـتەبەر دەکرێت وای کردووە قەبارەی بینینی ریکلامەکە وگەشتنی بە ژمارەیـەکی فـراوان لـە ڕێگـەی تەلەفزیۆنـەوە زۆربێـت (سمیمە،یامنە،2015: 27-28) ریکلامی تەلەفزیۆنی "پەیامێکە بۆ فرۆشتنی کاڵاو خزمەتگوزاریی بۆ کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو لە بەکاربەر، لەرێگەی ئامرازی تەلەفزیۆنەوە بەرامبەر کرێیەکی دیاریکراو بڵاودەکرێتەوە"،یان ریکلامی تەلەفزیۆنی "بریتییە لەو چـالاکییەی پەیـامی ریکـلامی بیـنراوو بیسـتراو بە جەمـاوەر پێشکەشدەکات، بۆ ڕاکێشانی سەرنجیان لەپێناو کڕینی کاڵایەك، یـان خزمەتگـوزارییەك لەبەرامـبەر کـرێیەکی دیـاریکراو" ( الشمیری،2010: 127)

**شـێوەکانی ریکـلامی تەلەفزیـۆنی :** هەنـدێك لە نوسـەران لە چوار شێوەدا کۆیان کردونەتەوە کە بریتین لە :

1.ریکلامی ڕۆڵە: ئەم شێوازە ریکلامە لەنێوان ریکلامی وەستاو جـولاودایە، بەخـێرایی وێـنەیەکی زیهـنی لای بینـەر دروسـت

دەكات، دەنگ و ڕەنگ پێكەوە هاوتەریبە، ئەم جۆرە زیاتر بۆ هەلی كارو زیادكردنی ئاشكرا و بانگكردن بۆ خزمەتی سەربازی و زەوی و ئەو بوارانە بەكاردێت .

2.ڕیكلامی ژێرنووس: ئەم جۆرەی ڕیكلام دەنگی لەگەڵدا نیە لە خوارەوەی شاشە وەك شریتی هەواڵەكان دەردەكەوێت زیاتر ئەو جۆرە ڕیكلامانەن كە بۆ گەشت و گوزار یان نەخۆشخانە دەكرێن .

3.ڕیكلامی جێگیر: ئەم جۆرە ڕیكلامە كاتێك دەردەكەوێت نوسینێك ئامادەكراوە بۆ ماوەیەك لەسەر شاشە دەردەكەوێت كەسروشتی كاڵاكە و تایبەتمەندیەكانی باس دەكات و دەخوێنرێتەوە.

4. ڕیكلامی جوڵاو: ئەم جۆرەی ڕیكلام زیاتر پشت بەكاریگەریە دەنگی و وێنەیەكان دەبەستێت، كە بە ڕیكلامی كاریگەر دادەنرێن لەبەر ئەوەی ئاڕاستەی هەستەكان دەكرێن وەك وێنەی جوڵا و كە دەنگ و گفتوگۆی لەگەڵدا بێت. (الزعبى،2009: 286-289)

**دووەم: ئاڕاستەكان و ڕاستگۆیی لە ڕیكلامدا**

1.ئاڕاستە: مەیلێكە بۆكاركردن یان دژایەتی كردنی هەندێك لە هۆكارە ژینگەییەكان، ئەم مەیلە دەبێتە بەهایەكی ئەرێنی یان نەرێنی. **(فرحات، 2015: 29)** ئاڕاستە لە چەندین بواری جیاواز لە زانستە دەروونیەكان و زانستە كۆمەڵایەتیەكان بۆچوونی جیاوازی لەسەر خراوەتەڕوو،بەڵام زۆربەیان جەختیان لەوەكردووەتەوە كە خواستێكە بەرامبەر بە كردارێک وەک ئەلبورت پێناسەی كردووە " یەكێكە لە حاڵەتەكان كە ئامادەبوونێكی ڕۆحیە لەسیستەمێكی شلەژاودا كە بەهۆی ئەزموونەكانەوە دەستی بەسەردا دەگرێت و كاریگەری ڕاستەوخۆشی هەیە لەوەڵامدانەوەی كەسەكە بۆ شتەكان و لەدۆخە جیاوازەكاندا"(صدیق،2012: 301)

**2. پێكهێنەرەكانی ئاڕاستە**

ئاڕاستە پێكدێت لە ژمارەیەك پێكهێنەر كە ئەمانەی خوارەوەن:

1.پێكهێنەری مەعریفی: پێكدێت لە ژمارەیەك لە بیروبۆچوون یان زانیاری كە دەناسرێت بە كەسەكان دەربارەی شتێك لە بابەتەكانی ئاڕاستە ئەم جۆرە پێكهێنەرە ئەو زانیاریە بابەتیانە و ڕاستییانەش لە خۆدەگرێت، كە لەبەردەستی تاكەكەدایە،لەسەر بابەتی ئاڕاستەكە، پرۆسەی پەسەند كردنی بابەتێكە بەسەر بابەتێكی دیكەدا، ئەم پرۆسەیە بەزۆری پێویستی بە هەندێك پرۆسەی دەروونی هەیە بۆ جیاكاری و تێگەیشتن و دەرخستن و حوكمدان(متعب، 2017: 878)

2.پێكهێنەری سۆز: بەمانای وەڵام دانەوە لەسەربنەمای سۆز دەربارەی ئاڕاستە كە دەكرێت ئەو وەڵامدانەوە ئەرێنی بێت یان نەرێنی. ئەم پێكهێنەرەی ئاڕاستە لەكۆمەڵێك هەست و سۆز پێكدێت لەگەڵ كەسەكەدا دەردەكەوێت لەكاتی مامەڵەكردن لەگەڵ بابەتی ئاڕاستەكەدا، شێوازێكی سۆزداری گشتیە،كە كاریگەری لەسەر وەڵامی ئاڕاستەكەش هەیە (مصباح،2011: 38).

3.پێكهێنەری ڕەفتاری : بەمانای كۆكردنەوەی ڕەفتارە تاكە كەسیەكان لە بابەتەكانی ئاڕاستەدێت كە دەكرێت ئەرێنی بێت یان نەرێنی، ئەم پێكهێنەرە دووبەش لە خۆدەگرێت، مەبەستی ئاڕاستەكە و ئاڕاستە ڕاستەقینەكەیە(متعب، 2017:879)

**2.گۆڕینی ئاڕاستە**

ژمارەیەك فاكتەری زۆر هەن كە كاریگەری گەورەیان لەسەر گورینی ئاڕاستە هەیە كە بەمشێوەیە دەخەینە ڕوو:

1.ئاڕاستەیەكی لاواز و كەم هێز زیاتر دەگۆڕێت، كە ئامانجی سەرەكی ڕیكلام "گۆڕینی مەیل و ئاراستەو ڕەفتاری بەكاربەرانە تا ئەو ڕادەیەی بەو جۆرە ڕەفتار بكەن، كە زۆرترین ڕەزامەندییان بۆ كاڵاو شمەكەكان هەبێت((البیاتی و اخرون،2012: 148).

2. تەلەفزیۆن ڕیكلامی كردە پێویستییەكی ڕۆژانەی بینەرەكانی، ئەوەش كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆی لەسەر بەكاربەر دەبێت، لەم چوارچێوەیەشدا هەموو ئاڕاستەیەكی نارِوونی تاكەكەس دەشێ بگۆڕێت(محمدیان،2014: 13).

3.بوونی ئەزموونی ڕاستەوخۆی پەیوەست بە بابەتی ئاڕاستە.

4. مرۆڤ بەبەردەوامی ئەندامە لە چەند كۆمەڵەیەكداو كارتێكەری دوولایەنەیان هەیە، ئەم ئەندام بوونەش لەپێناوی تێركردنی پێداویستیی و ئارەزووەكاندایە، ئەو كۆمەڵانەش لە ڕوانگەی ئابوورییەوە گوزارشتن لە چوارچێوەیەكی سەرەكی بۆ تاكەكان لەكاتی بڕیاڕدا هەروەها كاریگەریان لەسەر گۆڕینی ئاڕاستەكانیان دەبێت(عابد،2014: 109).

**3. ڕیكلام و ڕاستگۆیی**

**یەكەم : پێناسەی ڕاستگۆیی**

ڕیكلام و ڕاستگۆیی وەك دوو فیگەری پەیوەست بە یەكەوە، لە چوار چێوەی ڕیكلام بە گشتی و ڕیكلامی تەلەفزیۆنیدا، پەیوەندیەكی توندو تۆڵیان بە یەكەوەهەیە، لەم بەشەدا ڕاستگۆیی بە گشتی شیدەكەینەوە و گرنگی ڕاستگۆیی لە پرۆسەی ڕیكلامدا دەخەینە ڕوو :

ڕاستگۆیی: گوزارشتێكە لە پێكهێنەرێكی سەرەكی لە پرۆسەی پەیوەندیكردن، یەكێك لە پێوەرە گرنگەكان و تایبەتمەندەكانی نێوان هەموو پرۆسەكان، كە كاریگەری گەورەی هەیە لەسەر نێرەركان یان جەماوەر و پەیوەست دارە بە داهاتووی پەیامەریكلامیەكان.(Verstraten,2015: 7) هەربۆیە ڕاستگۆیی بە بنەمایەكی گرنگی هەموو پرۆسەكانی ڕاگەیاندن دادەنرێت تا كاریگەری باش لە گەیاندنی پەیامەكان دروست ببێت، لێرەوە دەگەینەئەو باوەڕەی كە ڕاستگۆیی باوەڕ بوونێك

دەگرێتە خـۆیی، پشـت دەبەسـتێت بەمتمـانە و بـاوەڕبوون بە نیشـانە و برانـدە بازرگانیەکـان لەلایەن کڕیارەکـانەوە ئەمەش جێبەجێ کردنی ئەرکێکی باشە وە هەندێك جار ڕاستگۆیی هێندە کاریگەرە کە پەیوەندی لەنێوان بە کارهێنەران بەسەر چاوەی بەرهەمەکەوە،بەلینکێـك دەبەسـتێتەوە، یـان خزمەتگـوزاریە باوەڕ پێکراوەکانی، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ متمانە بوون بە بەکارهێنانی ئەو نیشانە یان براندە بازرگانیە کە ڕیکلامی بۆ کراوە (علم الدين،2008: 7)

**دووەم: پێکهێنەرەکانی ڕاستگۆیی**

1.شـێوازی پەخشـکردن: پێویسـتە بەشـێوازێکی وورد و زانیاریەکـان بە متمـانەیەکی بێسـنورە لەسـەر بابەتەکـان بە لەخۆگرتنی ڕاستی بۆچوون و ڕاجیاوازەکان بابەتەکان پێشکەش بکرێن.

2.پێشـبینینەکانی جەمـاوەر: پێویسـتە لە پرۆسـەی نـاردنی زانیاریەکـانـدا، بەشـێوەیەکی ڕوون بابەتەکـان بخـاتەڕوو، وە گـرنگیەکی تەواو بەوە بـدات کە ئەو بابەتـانە لە بەرژەوەنـدی جەماوەر دابن و بەشەفافیەت بیان خاتە ڕوو .

3.شێوازی خستنەڕووی ڕاگەیاندنانە: لێرەدا تەرکیزی بنەڕەتی لەسـەر سێ خـاڵی گـرنگە، ڕێـز لەتایبەتمەنـدیەکانی تـاکەس بگیرێـت، بەرپرسـیاریەتی کـۆمەلایەتی لە ئەسـتۆ بگرێـت، بەرژەوەنـدیە تایبەتەکـانی جەمـاوەر و تـاکەکەس لە بەرچـاو بگرێت. (الحبيبى،2014: 14)

**سـێهەم : هۆکـارە کاریگەرەکـان لەسـەر ڕاسـتگۆیی ڕیکـلامی تەلەفزیۆنی**

1.فـاکتەری پەیوەنـدیـدار بە جەمـاوەر: تایبەتمەنـدیەکانی جەماوەری و دیموگرافیای جەماوەر و کەسایەتی و ئاراستەکانی و ڕادەی گرنگیـدان و پشتبەسـتن بە هۆکارەکانی ڕاگەیانـدن وە تـوێژینەوە لە هۆکارە کاریگەرەکان بە ڕاستگۆیی وئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەوەمان پێ دەڵێت کامانەن ئەو هۆکارانەی کە بڕیار لەسـەر ڕاسـتگۆیی ئامرازەکـانی ڕاگەیانـدن دەدەن لەلایەن جەماوەرەوە .

2.فاکتەرە کاریگەرەکان بەجـۆری ئـامرازەکە: توێژینەوەکان بە شـێوەیەکی گشـتی جـۆری ئەو ئامرازەیان دیاری نەکـردووە کە زیاتر کاریگەری لەسـەر ڕاستگۆیی هەیە، بەڵام هەمـوان پێیان وایە جـۆری ئـامرازەکە کاریگەری لەسـەر ئەنجامەکان دەبێت، بەنمـوونە ئـامرازە کۆن و نوێیەکان، یان پێیان وایە تەلەفزیۆن زیاتر کاریگەرترە لە ڕۆژنامە بەهۆی تایبەتمەندیەکانیەوە .

3.فــاکتەری کــاریگەر بە شــێوازی پێشــکەش کــردنی پەیامەکە:ڕاستگۆیی بابەتەکان بە پلەی یەکەم لەسەر بەهێزی پەیامەکان دەوەستێت، هاوکات شێوازی پێشکەش کردنیان، بە نمــوونە لە ڕووی زمــانەوانی و زانیاریەکــانی ســەرەتا و نــاوەڕۆکەکەی و چــۆنیەتی پێشەکەشـکردنی پەیـامەکە و گوزارشتکردن لێی، وە گونجاندی پەیامەکان لەگەڵ ووێنەکان، توانا ولێهاتووی ئەوکەسـەی لەتەلەفزیۆن دەیخـوێنێتەوە یان پێشـــکەشی دەکـــات، کاردەکـــاتە ســـەر ڕاســـتگۆیی و ئەو کاریگەریانەی، پەیامە ڕیکلامیەکان درووستی دەکەن.

4.فـاکتەری کـاریگەر بە سروشـتی بـابەتەکە و گـرنگیەکەی: جۆری بابەتەکە کاریگەری هەیە لەسەر ڕادەی ڕاستگۆیەکەی پەیوەسـت بە جەمـاوەرەوە، بەشـێك لەتوێژینەوەکـان ئەوە دەردەخەن، ڕاســتگۆیی ئامرازەکــانی ڕاگەیانــدن لەســەر گواســـــتنەوەی، ڕووداوبابەتەکـــــان پێـــــوانە دەکەن(حسين،عبدالحسن،2014: 57).

## بەشی سێهەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### تەوەری یەکەم : خستنە ڕووی زانیاریە سەرەتاییەکان (دیمۆگرافیا)

لەم بە شەدا کاری مەیدانی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو، لەدوای درووستکردنی فۆڕمی ڕاپرسی و دابەشکردنی بە شێوەی مەیدانی لەمـاوەیەکی دیـاری کـراو ڕاپرسـیەکە لە ناوەنـدی پارێزگـای هەڵەبجە ئەنجامدراوە

بەو پێـیە (400) فـۆرم بەشـێوەی سـامپڵی مەبەسـتدار دابەشـکراوە، لەو ڕێـژەیەش (339) فۆرمیـان بە دروسـتی پڕکراونەتەوە.

**1. دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی تەمەن**

دابەش بوونی بەرتوێژان، بە پێی تەمەن، تەمەنی نێوان 18 ساڵ بـۆ 22 سـاڵ زۆرتـرین ژمارەی بەرتـوێژان پێکـدێنن کە ڕێژەکەی ئەکاتە 24.8% کۆی بەرتوێژان, وە بەدوای ئەمەدا تەمەنی 28 ساڵ بۆ 32 ساڵ پلەی دووەمی گرتووە بە ڕێژەی 15.3% کۆی بەرتـوێژان, وە کەمـترین ڕێـژەی ئەوکەسـانەی کە بەژداری ئەم ڕاپرسـیەی کـردوە تەمەنی 48 سـاڵ یـان زیاتر بەرێـژەی 7.5% کۆی بەرتوێژان.

خشتەی (1)ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن

| تەمەن | ج | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٨ساڵ کەمتر | ٣٠ | ٨.٨ |
| ١٨- ٢٢ ساڵ | ٨٤ | ٢٤.٨ |
| ٢٣ – ٢٧ ساڵ | ٣٥ | ١٠.٣ |
| ٢٨- ٣٢ ساڵ | ٥٢ | ١٥.٣ |
| ٣٣ – ٣٧ ساڵ | ٥١ | ١٥.٠ |
| ٣٨ – ٤٢ ساڵ | ٣٤ | ١٠.٠ |
| ٤٣- ٤٧ ساڵ | ٢٨ | ٨.٣ |
| ٤٨ ساڵ بەرەو ژوور | ٢٥ | ٧.٥ |
| کۆ | ٣٣٩ | %١٠٠ |

**2. دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی ڕەگەز**

ئەنجامەکـان دەریـان خسـتووە کـە زۆرتـرین ئـەوکەسـانەی بەشـداری ئـەم ڕاپرسـیەیان کـردووە لـە ڕەگـەزی مێینەیـە، کە ڕێژەکـەی دەکاتە 51.0% ی کـۆی بـەرتوێژان، وە ڕەگـەزی نێر ڕێژەی 49.0% بەرتوێژان پێکئەهێنن.

**خشتەی (2)ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ع | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٦٦ | ٤٩.٠ |
| مێ | ١٧٣ | ٥١.٠ |
| کۆ | ٣٣٩ | %١٠٠ |

### 1. دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی باری خێزانی

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە ،بە گوێرەی باری خێزانی بەشداربوانی توێژینەوەکە بەم جۆرەبوون (167) بەشداربوویان خێزاندار بووە کە ڕێژەی 49.3% کۆی بەرتوێژان پێکئەهێنێت و (144) بەشداربوو سەڵت بووە بە ڕێژەی 42.5% کۆی بەرتوێژان پێکئەهێنێت، (20) بەشداربوو دەزگیراندار بووە بە ڕێژەی 5.9% کۆی بەرتوێژان پێکئەهێنێت،کەمترین ڕێژەش،ئەوانەبوون جیابوونەتەوە کە ژمارەیان (8) بەشداربووە و 2.3% لە بەرتوێژان جیابووەوەن.

**خشتەی (3) ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی باری خێزانی**

| باری خێزانی | ع | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | ١٤٤ | ٤٢.٥ |
| خێزاندار | ١٦٧ | ٤٩.٣ |
| دەزگیراندار | ٢٠ | ٥.٩ |
| جیابووەوە | ٨ | ٢.٣ |
| کۆ | ٣٣٩ | %١٠٠ |

### 1. ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی پیشە

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە بەگوێرەی پیشەی بەشداربووەکان لە پلەی یەکەمدا پیشەی فەرمانبەر دێت بەڕێژەی 31.0% کۆی بەرتوێژان پێکئەهێنێت، لە پلەی دووەمدا پیشەی خوێنکار دێت، بەڕێژەی 25.4% کۆی بەرتوێژان پێکئەهێنێت، وە پلەکانی دواتر پێکدێت لە (کاسب, خانەنشین , بێکار, کەرتی تایبەت) بەڕێژەی (22.1% , 10.9% , 4.1% , 3.8% ) یەک بەدوای یەک کۆی بەرتوێژان پێکئەهێنێت, کەمترین ڕێژەی بەرتوێژان کە دەکاتە 2.7% پیشەیان کارمەندە.

خشتەی (4) ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی پیشە

| پیشە | ع | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | ١٠٥ | ٣١.٠ |
| کاسب | ٧٥ | ٢٢.١ |
| خوێندکار | ٨٦ | ٢٥.٤ |
| خانەنشین | ٣٧ | ١٠.٩ |
| بێکار | ١٤ | ٤.١ |
| کارمەندی ناوخۆ | ٩ | ٢.٧ |
| کەرتی تایبەت | ١٣ | ٣.٨ |
| کۆ | ٣٣٩ | %١٠٠ |

### 1. دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی داهات

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە داهاتی بەشداربووەکانی ڕاپرسیەکە بەم جۆرە بووە (164) بەشداربوو داهاتەکەیان لە یەک ملیۆن زیاتر بووە کە دەکاتە (48.4%) پاشان (122) بەشداربوو مووچەکانیان لە نێوان (500 هەزار بۆ یەک ملیۆن) بووە ڕێژەی (36%) پێکدەهێنن، دواتر (53) بەشداربوو داهاتەکەیان لە 500 هەزار زیاتربووە کە دەکاتە (15.6%)

**خشتەی (5) ڕێژەی دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی داهات**

| داهات | ع | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٥٠٠ هەزار کەمتر | ٥٣ | ١٥.٦ |
| ٥٠٠ هەزار بۆ یەک ملیۆن | ١٢٢ | ٣٦.٠ |
| یەک ملیۆن زیاتر | ١٦٤ | ٤٨.٤ |
| کۆ | ٣٣٩ | %١٠٠ |

## تەوەری دووەم :پێوانە کردنی ڕاستگۆیی لە ریکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بە پێ زانیاریە دیموگرافیەکان

- **ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی دابەشبوونی دیمۆگرافی بەم جۆرەیە:**

بۆ بەئاگاداربوونی ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) توێژەر (T-test) ی بەکارهێناوە, بەبەهای (0.40), نمرەی ئازادی (338), ئاماژەی (0.964), دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری نیە لەنێوان هەردوو ڕەگەز بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لەبەرئەوەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئاماری یەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە) زیاترە لە (0.05). ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئەدات کە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان.

### 1. بەپێی ڕەگەز

**خشتەی(6)ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ع | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای T | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٦٦ | ٣.١٤١٧ | ١.٢٦٩٤٦ | ٣٣٨ | ٠.٤٠ | ٠.٩٦٨ |
| مێ | ١٧٣ | ٣.١٤٠٨ | ١.٢٤٢٣٩ | | | |
| کۆ | ٣٣٩ | | | | | |

### 1. بەپێی تەمەن

خشتە(7)ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی تەمەن

| تەمەن | ع | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازاد | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ ساڵ کەمتر | ٣٠ | ٣.١٥٦٥ | ١.٢٥٩٨ | لەناوگروپ | ٥.٠٤٣ | ٧ | ٣.٢٠٢ | ٠.٠٠٢ |
| ١٨- ٢٢ ساڵ | ٨٤ | ٣.٢٠١٤ | ١.٢٥٦٩ | | | | | |
| ٢٣ – ٢٧ ساڵ | ٣٥ | ٣.٠٨٩٧ | ١.٢٩٨٥ | | | | | |
| ٢٨- ٣٢ ساڵ | ٥٢ | ٣.١٦٣٥ | ١.٢٧١٣ | | | | | |
| ٣٣ – ٣٧ ساڵ | ٥١ | ٣.٠٤٠٣ | ١٢٤٨٦ | لەگەڵ گرووپ | ١.٥٧٥ | ٣٣١ | | |
| ٣٨ – ٤٢ ساڵ | ٣٤ | ٣.١٢١٧ | ١.٢٢٤٨ | | | | | |
| ٤٣- ٤٧ ساڵ | ٢٨ | ٣.١٦٣٧ | ١.٢٣٥٠ | | | | | |
| ٤٨ ساڵ بەرەوژوور | ٢٥ | ٣.١٥٤٤ | ١.٢١٩٧ | | | | | |
| کۆ | ٣٣٩ | | | | | | | |

بۆ بەئاگابوونی ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی تەمەن, توێژەر (ANOVA) ی بەکارهێناوە, بەهای( F (3.202), بەنمرەی ئازادی (7-331) و ئاماژەی (0.002), دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان تەمەنە جیاوازەکانی بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان لەبەر ئەوەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نیە و ئاماژە کەمترە لە (0.05), هۆکاری ئەم ئاماژەدار نەبوونە دەگەڕێتەوە بۆ

تەمەنەکانی (18- 22 ساڵ, 28- 32 ساڵ, 43- 47 ساڵ), هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (1.575).

**1. باری خێزانی**

**خشتەی(8)ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی باری خێزانی**

| باری خێزانی | ع | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازاد | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | ١٤٤ | ٣.١٨٧٥ | ١.٢٤١١ | لەناوگرووپ | ١٣.٦٩٤ | ٣ | ٨.٧٠١ | ٠.٠٠٠ |
| خێزاندار | ١٦٧ | ٣.١١٥٨ | ١.٢٥٨٣ | | | | | |
| دەزگیراندار | ٢٠ | ٢.٩٦٩٤ | ١.٣٤٤٣ | لەگەڵ گروپ | ١.٥٧٤ | ٣٣٥ | | |
| جیابووەوە | ٨ | ٣.٢٧٠٨ | ١.١٧٨٩ | | | | | |
| کۆ | ٣٣٩ | | | | | | | |

بۆ بەئاگابوونی ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی باری خێزانی, تـوێژەر (ANOVA) ی بەکارهێناوە، بەهای F (8.701)، بەنمرەی ئازادی (3- 335) و ئاماژەی (0.000)،دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان باری خێزانی بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان لەبەر ئەوەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نیە و ئاماژە کەمترە لە (0.05), هۆکاری ئەم ئاماژەدار نەبوونە دەگەڕێتەوە بۆ برگەی (جیابووەوە)،هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (1.574).

**1. بەپێی پیشە**

**خشتە(9) ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی پیشە**

| پیشە | ع | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازاد | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەر | ١٠٥ | ٣.٠٩٨٧ | ١.٢٤٠٨ | لەناو گروپ | ٨.١٤٠ | ٦ | ٥.١٧٣ | ٠.٠٠٠ |
| کاسب | ٧٥ | ٣.١٦٣٠ | ١.٢٥٦٦ | | | | | |
| خوێندکار | ٨٦ | ٣.١٥٥٧ | ١.٢٦١٩ | | | | | |
| خانەنشین | ٣٧ | ٣.٢٤٩٢ | ١.٢٧٣١ | | | | | |
| بێکار | ١٤ | ٢.٩٨٨١ | ١.٣١٦٦ | لەگەڵ گرووپ | ١.٥٧٣ | ٣٣٢ | | |
| کارمەند | ٩ | ٢.٩٧٨٤ | ١.٢٤٧٧ | | | | | |
| کەرتی تایبەت | ١٣ | ٣.٢٣٥٠ | ١.١٧٩٩ | | | | | |
| کۆ | ٣٣٩ | | | | | | | |

بۆ بەئاگابوونی ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی پیشە, بەبەکارهێنانی(ANOVA)،بەهای F (5.173)، بەنمرەی ئازادی(332-6)و ئاماژەی (0.000)،دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان پیشە جیاوازەکان بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان لەبەر ئەوەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نیە و ئاماژە کەمترە لە (0.05)، هۆکاری ئەم ئاماژەدار نەبوونە دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنەکانی (خانەنشین, کەرتی تایبەت), هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (1.573).

**5. داهات**

**خشتە(10) ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان بەپێی داهات**

| داهات | چەندبارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازاد | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە ٥٠٠ هەزار | ٥٣ | ٣.١٢٤٢ | ١.٢٧٨١ | لەناو گروپ | ٠.٩١٤ | ٢ | ٠.٥٨٠ | ٠.٥٦٠ |
| ٥٠٠ بۆ یەک ملیۆن | ١٢٢ | ٣.١٣٢١ | ١.٢٤٨٢ | | | | | |
| یەک ملیۆن زیاتر | ١٦٤ | ٣.١٥٣٦ | ١.٢٥٣٩ | لەگەڵ گروپ | ١.٥٧٧ | ٣٣٦ | | |
| کۆ | ٣٣٩ | | | | | | | |

بۆ بەئاگابوونی ئاڕاستەی بینەران دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان لـەنێوان هـەردوو ڕەگـەزی (نـێر و مێ) تـوێژەر (ANOVA) ی بەکارهێناوە, بەبەهای( 0.580) F، نمرەی ئازادی (2- 336), ئاماژەی (0.560)،دەردەکەوێت جیاوازی ئاماری نیە لەنیوان داهات بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان لەبەرئەوەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە, (ئاماژە) زیاترە لە (0.05). ئەنجامەکە ئەوە پیشان ئەدات کە هیچ جیاوازیەك نیە لەنیوان داهات بۆ ئاڕاستەی بەرتوێژان دەربارەی ڕاستگۆیی ڕیکلامە تەلەفزیۆنەکان.

## تەوەری سـێهەم: ڕادەی بەرکـەوتنی بـەرتوێژان بـە ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکان

لێرەدا ئەو برگانەی کە پەیوەندیدارن لە ڕاستگۆیی دیاری کراون و دواتر سەرجەم برگەکانی بۆچوونی بەرتوێژان بەرامبەر ڕادەی ڕاستگۆی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا خراوەتە ڕووبەم جۆرەی خوارەوە:

**خشتەی(11)زانینی ڕادەی ڕاستگۆی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا**

| پرسیارەکان | تەواو هاوڕام | هاوڕام | دڵنیاذ یم | هاوڕا نیم | تەواو هاوڕا نیم | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | گرینگی ڕێژەی | ئەنجام | ڕێزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ع | ع | ع | ع | ع | | | | | |
| | % | % | % | % | % | | | | | |
| ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا بەشێوەیەکی باش بوونی هەیە. | ٩ | ١٧ | ١١٣ | ١٢٥ | ٧٥ | ٢.٢٩ | ٠.٩٥ | ٤٥.٨ | هاوڕانیم | ٩ |
| | ٢.٧ | ٥.٠ | ٣٣.٣ | ٣٦.٩ | ٢٢.١ | | | | | |
| بڕوام بەو زانیاریانە هەیە کە لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا بڵاو دەکرێتەوە. | ٨ | ١٦٨ | ٨٩ | ٥٩ | ١٥ | ٣.٢٨ | ٠.٩٣ | ٦٥.٦ | دڵنیانیم | ٥ |
| | ٢.٤ | ٤٩.٦ | ٢٦.٣ | ١٧.٤ | ٤.٤ | | | | | |
| لەڕیکلامە تەلەفزیۆنەکوردیەکاندا زیاتر کار لەسەر خستنە ڕووی ڕاستیەکان دەکرێت. | ١٦ | ٣٣ | ٩٧ | ١٤٥ | ٤٨ | ٢.٤٨ | ١.٠ | ٤٩.٦ | هاوڕانیم | ٨ |
| | ٤.٧ | ٩.٧ | ٢٨.٦ | ٤٢.٨ | ١٤.٢ | | | | | |
| بەرکەوتنم بە شێوەیەکی بەردەوام یارمەتیدەرە لە بڕوابوونم بە زانیاری پەیامە ڕیکلامیەکان | ١٥٤ | ٦٧ | ٣٦ | ٤٣ | ٣٩ | ٣.٧٤ | ١.٤٣ | ٧٤.٨ | هاوڕام | ٣ |
| | ٤٥.٤ | ١٩.٨ | ١٠.٦ | ١٢.٧ | ١١.٥ | | | | | |
| سیمای ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا تەواو بەرجەستە دەکرێت. | ١٢ | ٨ | ٧٤ | ١٧٩ | ٦٦ | ٢.١٧ | ٠.٨٩ | ٤٣.٤ | هاوڕانیم | ١٠ |
| | ٣.٥ | ٢.٤ | ٢١.٨ | ٥٢.٨ | ١٩.٥ | | | | | |
| بوونی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا زیاتر هانم دەدات بۆ هەڵبژاردنی پێداویستیەکانم. | ١٠٥ | ١٤٤ | ٥٣ | ٢١ | ١٦ | ٣.٨٨ | ١.٠٦ | ٧٧.٦ | هاوڕام | ٢ |
| | ٣١.٠ | ٤٢.٥ | ١٥.٦ | ٦.٢ | ٤.٧ | | | | | |
| نەبوونی ڕاستگۆیی لەڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا بۆچوونەکانم سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆ کراوەکان دەگۆڕێت. | ١١٧ | ٤٢ | ٨٨ | ٦٧ | ٢٥ | ٣.٤٦ | ١.٣٣ | ٦٩.٢ | هاوڕام | ٤ |
| | ٣٤.٥ | ١٢.٤ | ٢٦.٠ | ١٩.٨ | ٧.٤ | | | | | |
| ئەو زانیاریانەی لەسەر بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بڵاو دەکرێتەوە، بەتەواوی لە شمەک و پێاویستیەکاندا بەدی دەکەم. | ١٣ | ٣٢ | ١٩٨ | ٧٥ | ٢١ | ٢.٨٢ | ٠.٨٢ | ٥٦.٤ | دڵنیانیم | ٦ |
| | ٣.٨ | ٩.٤ | ٥٨.٤ | ٢٢.٢ | ٦.٢ | | | | | |
| بوونی ڕاستگۆیی | ٢٠٢ | ٢١ | ٤٣ | ٤٦ | ٢٧ | ٣.٩٥ | ١.٤٠ | ٧٩.٠ | هاوڕام | ١ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لەزانیاریەکاندا، پشت بەستن بە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان زیاتر دەبێت بۆکرینی بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان. | ٥٩.٦ | ٦.٢ | ١٢.٧ | ١٣.٥ | ٨.٠ | | | | | |
| لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا وێنەیەکی تەواوی شمەک و کاڵاکان دەخرێنە ڕوو. | ١٣ | ٤٣ | ١١٠ | ١٠٩ | ٦٤ | ٢.٥٠ | ١.٠٥ | ٥٠.٠ | هاوڕانیم | ٧ |
| | ٣.٨ | ١٢.٧ | ٣٢.٤ | ٣٢.٢ | ١٨.٩ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٦٤٩ | ٥٧٥ | ٩٠١ | ٨٦٩ | ٣٩٦ | ٣.٠٥ | ١.٠٨ | ٦١.١ | دڵنیانیم | |
| | ١٩.١ | ١٦.٩ | ٢٦.٥ | ٢٥.٦ | ١١.٩ | | | | | |

به پێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (11)،دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکان بەشێوەیەکی گشتیی دەردەکەوێت ئاستی تایبەت بەبڕگەکانی (زانینی ڕادەی ڕاستگۆی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا) ناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (3.05) ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی ( پێوانەی لیکەرتی پێنجی) بریتیە لە (دڵنیانیم), هەروەها لادانی پێوانەی بریتییە لە (1.08), گرینگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (61.1%) لەکاتێکدا بەرێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (19.1%), (هاوڕام) بریتییە لە (16.9%), (نازانم) بریتییە لە (26.5%), (هاوڕانیم) بریتییە لە (25.6%) ، (هیچ هاوڕانیم) بریتییە لە (11.9%) دێت. بەوپێیەش بێت بەربژێران دڵنیانین لەبوونی ڕاستگۆییەکی تەواو لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا. سەبارەت بە برگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە، دەردەکەوێت بەرزترین ئاست تایبەت بە برگەکانی (زانینی ڕادەی ڕاستگۆی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا) برگەی (بوونی ڕاستگۆیی لەزانیاریەکاندا، پشت بەستن بەریکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکان زیاتر دەبێت بۆکرینی بەرهەمە ڕیکلام بۆکراوەکان) ە. کە بەرزترین ناوەندە ژمێرەیی هەیە بەبەراورد بە برگەکانی دیکە بریتییە لە (3.95) ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی ( پێوانەی لیکەرتی پێنجی) بریتیە لە (هاوڕام), ), هەروەها لادانی پێوانەی بریتییە لە (1.40), گرینگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (79.0%). نزمترین ئاست تایبەت بە برگەکانی (زانینی ڕادەی ڕاستگۆی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا) برگەی (سیمای ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیە کوردییەکاندا تەواو بەرجەستە دەکرێت) ە. کە بەرزترین ناوەندە ژمێرەیی هەیە بەبەراورد بە برگەکانی دیکە بریتییە لە (2.17) ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی ( پێوانەی لیکەرتی پێنجی) بریتیە لە (هاوڕام نیم), هەروەها لادانی پێوانەی بریتییە لە (0.89), گرینگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (43.4%) لەکاتێکدا بەرێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (3.5%), (هاوڕام) بریتییە لە (2.4%), (نازانم) بریتییە لە (21.8%), (هاوڕانیم) بریتییە لە (52.8%) , (هیچ هاوڕانیم) بریتییە لە (19.5%) دێت.

**تەوەری چوارەم: ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بە ڕادەی پابەند بوونی ڕیکلامەکانی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بە یاساو ئیتیکەوە:** لێرەدا ئەو برگانەی کە پەیوەندیدارن بە ڕادەی پابەند بوونی ڕیکلامەکانی تەلەفزیۆنە کوردیەکان بە یاساو ئیتیکەوە بەم جۆرەی خوارەوە خراونەتەڕوو:

**خشتەی(12) زانینی ڕادەی پابەندبوونی پەیامە ڕیکلامیەکان بە یاساو ئیتیکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیەوە**

| پرسیارەکان | تەواو هاوڕام ض / % | هاوڕام ض / % | دڵنیانیم ض / % | هاوڕانیم ض / % | تەواو هاوڕانیم ض / % | ناوەندی دەژمێرە | لادانی پێوەری | گرینگی ڕێژەی | ئەنجام | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پشتگوێ خستنی یاسا و ئیتیکی کاری ڕیکلام، هۆکارە بۆ نەبونی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا. | ١٤١ | ١٣٤ | ٣٤ | ٢١ | ٩ | ٤.١١ | ٠.٩٩ | 82.2 | هاوڕام | 2 |
| | ٤١.٦ | ٣٩.٥ | ١٠.٠ | ٦.٢ | ٢.٧ | | | | | |
| بەکار هێنانی بزواندنە جەستەییەکان لە ڕیکلامەکاندا یارمەتیدەرە لە شاردنەوەی ڕاستگۆیی لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا. | ١٠٠ | ١٥٣ | ٥٨ | ٢٢ | ٦ | ٣.٩٤ | ٠.٩٤ | 78.8 | هاوڕام | 4 |
| | ٢٩.٥ | ٤٥.١ | ١٧.١ | ٦.٥ | ١.٨ | | | | | |
| نەبونی یاسایەک بۆ قەرەبوکردنەوەی بەکاربەر لە کاتی زیان بەرکەوتن، یارمەتیدەرە لە گواستنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا. | ٨٣ | ٢٠٣ | ٣٧ | ١٤ | ٢ | ٤.٠٣ | ٠.٧٥ | 80.6 | هاوڕام | 3 |
| | ٢٤.٥ | ٥٩.٩ | ١٠.٩ | ٤.١ | ٠.٦ | | | | | |
| سزانەدانی ڕیکلامکار لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، هۆکارێکە بۆ بەردەوامی دان بە بڵاو کردنەوەی ڕیکلامی ناڕاست | ١٢٨ | ١٦٤ | ٣٦ | ٤ | ٧ | ٤.١٨ | ٠.٨٢ | 83.6 | هاوڕام | 1 |
| | ٣٧.٨ | ٤٨.٤ | ١٠.٦ | ١.٢ | ٢.١ | | | | | |
| کۆی گشتی | ٤٥٢ | ٦٥٤ | ١٦٥ | ٦١ | ٢٤ | ٤.٠٦ | ٠.٨٧ | 81.3 | هاوڕام | ٠.٨٧ |
| | ٣٣.٣ | ٤٨.٢ | ١٢.٢ | ٤.٤ | ١.٩ | | | | | |

به پێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (12)،دوای هەڵاوێرکردنی داتاو زانیارییەکان بەشێوەیەکی گشتیی دەردەکەوێت ئاستی تایبەت بەبڕگەکانی (زانینی ڕادەی پابەندبوونی پەیامە ڕیکلامیەکان بە یاساو ئیتیکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیەوە) ناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (4.06) ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی ( پێوانەی لیکەرتی پێنجی) بریتیە لە (هاوڕام), هەروەها لادانی پێوانەی بریتییە لە (0.87), گرینگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (81.3%) لەکاتێکدا بەرێژەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (33.3%), (هاوڕام) بریتییە لە (48.2%), (نازانم) بریتییە لە (12.2%), (هاوڕانیم) بریتییە لە (4.4%) , (هیچ هاوڕانیم) بریتییە لە (1.9%) دێت. بەوپێیەش بێت بەربژێران هاوران ڕادەی پابەندبوونی پەیامە ڕیکلامیەکان بە یاساو ئیتیکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیەوە. سەبارەت بە برگەکانیش بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە، دەردەکەوێت بەرزترین ئاست تایبەت بە برگەکانی (زانینی ڕادەی پابەندبوونی پەیامە ڕیکلامیەکان بە یاساو ئیتیکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیەوە) برگەی (سزانەدانی ڕیکلامکار لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە پەیامە ڕیکلامیەکاندا، هۆکارێکە بۆ بەردەوامی دان بە بڵاو کردنەوەی ڕیکلامی ناڕاست) ە. کە بەرزترین ناوەندە ژمێرەیی هەیە بەبەراورد بە برگەکانی دیکە بریتییە لە (4.18) ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی ( پێوانەی لیکەرتی پێنجی) بریتیە لە (هاوڕام), هەروەها لادانی پێوانەی بریتییە لە (0.82), گرینگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (83.6%). نزمترین ئاست تایبەت بە برگەکانی (زانینی ڕادەی پابەندبوونی پەیامە ڕیکلامیەکان بە یاساو ئیتیکی ڕیکلامی تەلەفزیۆنیەوە) برگەی (بەکار هێنانی بزواندنە جەستەییەکان لە ڕیکلامەکاندا یارمەتیدەرە لە

دیکە بریتییە لە (4.05) ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی ( پێوانەی لیکەرتی پێنجی) بریتیە لە (هاوڕام), هەروەها لادانی پێوانەی بریتییە لە (0.89), گرینگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (81.0%). نزمترین ئاست تایبەت بە بڕگەکانی (تێڕوانینی بەشداربووان سەبارەت بە ناوەڕۆکی پەیامەڕیکلامیەکان لە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان دەخاتە ڕوو) بڕگەی (لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا دوای کڕینی کاڵایەك کە ریکلامی بۆدەکات جارێکی دیکە ئەو کاڵایە دەکڕمەوە) ە. کە بەرزترین ناوەندە ژمێرەیی هەیە بەبەراورد بە بڕگەکانی دیکە بریتییە لە (2.00) ئەو ئەنجامەش بە گوێرەی ( پێوانەی لیکەرتی پێنجی) بریتیە لە (هاوڕام نیم), هەروەها لادانی پێوانەی بریتییە لە (0.92), گرینگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (40.0%) لەکاتێکدا بەڕێژەی (هاوڕام) بریتییە لە (0.9%), (هاوڕام) بریتییە لە (7.1%), (نازانم) بریتییە لە (16.5%), (هاوڕانیم) بریتییە لە (42.2%) , (هیچ هاوڕانیم) بریتییە لە (33.3%) دێت.

## دەرەنجامەکان:

1. ڕاستگۆیی لە ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکاندا لە ئاستێکی نزمدایە، بە بۆچوونی توێژەر ئەوەش بۆ ئەو گەورەکردن و زیادەڕۆییە دەگەڕێتەوە کە لە ریکلامە بازرگانیەکاندا بەکاردەهێنرێت
2. ڕیکلامی تەلەفزیۆنیە کوردیەکان نەیان توانیووە ئاڕاستەکانی بینەران سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بگۆڕن، ئەمەش بە بۆچوونی توێژەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ڕیکلامی تەلەفزیۆنەکوردیەکان نەیانتوانیووە ووێنەیەکی تەواوی شمەک و بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان بخەنە ڕوو.
3. هونەرمەند و کەسایەتی وپێشکەشکارەکان نەیان توانیوە کاریگەریان لەسەر ڕادەی ڕاستگۆیی و دروووستکردنی بۆچوونی نوێ سەبارەت بە بابەتە ڕیکلام بۆکراوەکان دروست بکەن، ئەمەش بەڕای توێژەر بۆئەوە دەگەڕێتەوە ڕیکلامکارەکان زیاتر بۆ سودی خۆیان ڕیکلامەکان دەکەن وکەمتر پەیوەست دەبن یاساوئیتیکی ڕیکلامەوە .
4. سزانەدانی ڕیکلامکارەکان لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیاریە ناڕاستەکان هۆکارێکە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریە ناڕاستەکان وکەمکردنەوەی ڕاستگۆیی لە ڕیکلامی تەلەفزیۆنە کوردیەکاندا، ئەمەش بە بۆچوونی توێژەر دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بایەخی ڕیکلام لەکاتێکدا ڕیکلام سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ گەیشتن بە زانیاریەکان لەسەر شمەک و کاڵا خزمەتگوزاریەکان.
5. ئاراستەی بینەران بەرامبەر بە ڕادەی ڕاستگۆیی پەیامە ریکلامیەکان لای بینەران تاڕادەیەک ئاراستەیەکی جێگیرە و جیاوازی لە ئاراستەکانی بینەراندا نیە.

## ڕاسپاردەکان:

1- کەناڵە تەلەفزیۆنە کوردییەکان کار لەسەر جێبەجێکردنی بنەمای ڕاستگۆیی لە ناوەڕۆکی پەیامە ڕیکلامیەکانیان بکەن، دوربکەونەوە لە زیادەڕۆیی و بە هەڵەدا بردنی جەماوەر، تا متمانە بۆ وەرگرەکان بگەڕێتەوە.

2- بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕیکلامکار، پێویستە تەلەفزیۆنە کوردیەکان هەوڵبدەن پابەندبن بە یاسا و بنەما ئیتیکیەکان، تاوەکو لەم ڕێگەوە کار لەسەر گۆڕینی بۆچوونەکانی جەماوەر بکەن سەبارەت بە بابەتەڕیکلام بۆکراوەکان .

3-پەرلەمانی کوردستان بەو پێیەی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات ،هەوڵبدات یاسایەکی تایبەت بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکان دەربکات،لە چواچێوەی بنەما و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ڕیکلام.

4-گرنگی زیاتر بە زانستی ڕیکلام لە زانکۆکاندا بدرێت ، بە جۆرێك زانکۆکان بەشداربن لە پێدانی زانیاری زانستی بە کۆمپانیاکانی ڕیکلام تا ڕیکلامەکان لە ژێر بنەما باڵا ئیتیکی و یاساییەکان بەرهەم بهێنرێن وکاریگەریان زیاتر بێت .

5.تەلەفزیۆنە کوردیەکان هەوڵبدەن کە ووێنەیەکی تەواوی شمەک و کاڵاکان لە ڕیکلامەکانیاندا بخەنە ڕوو دووربکەونەوە لە بەهەڵەدابردنی بەکاربەران تا بتوانن دوای بینی ڕیکلامەکان هەمان شمەک بکڕنەوە کە پێشتر ڕیکلامەکیان بینیوە.

## پێشنیازەکان:

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەربارەی:

1-توێژینەوەی زانستی لەسەر هۆکارەکانی نەبوونی ڕاستگۆیی بەتایبەت لە ناوەڕۆکی پەیامەڕیکلامیەکانی کەناڵە کوردیەکان لەلایەن توێژەرانەوە بکرێت، کە تاڕادەیەکی زۆر بەشداربووەکانی ئەم توێژینەوە ئاماژە بە نەبوونی ڕاستگۆیی دەکەن .

2-پشت ببەسترێت بەو بنەما زانستی و یاسایی و ئیتکیانەی کە وادەکەن پەیامە ڕیکلامیەکان جێگەی باوڕبن و بۆچوونەکانی جەماوەریش لەسەر بابەتەڕیکلام بۆ کراوەکە بگۆڕن.

3-لەڕێگەی توێژینەوەی زانستیەوە، ئەو ئاڕاستەو بۆچوونانەی کە بینەرانی تەلەفزیۆنە کوردیەکان هەیانە، چاودێری بکرێن و دواجار بە بەکارهێنانی بنەمازانستیەکان کارلەسەر ئەو گرفت و ئاستەنگانە بکرێت کە بەربەستن لەبەردەم درووست بوون و لەدایک بوونی ئاراستەیەکی نوێ بۆ پەیامەڕیکلامیەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکوردیەکان .

## سەرچاوەکان:

1. بۆکانی، سابیر (2016): میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

2. البياتي، ياس خضر و داود، عبده محمد و سالم، شيماء السيد (2012): مقدمه في العلاقات العامة وألاعلان، الافاق المشرقه للنشر والتوزيع، الاردن.
3. عابد، زهير عبدالطيف (2014): مبادئ الاعلان، دار اليازورى للنشر والتوزيع، عمان.
4. الشميرى، فهد عبدالرحمن (2010): التربيه الاعلامية (كيف نتعامل مع الاعلام)، مكتبة ملك فهد الوطنيه،الرياض.
5. الزعبي، د.علي فلاح (2009): اداره الترويج والاتصالات التسويقيه، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان.
6. مصباح ،عامر(2011): علم النفس الجتماعي في السياسة واالعالم، دار الكتاب الحديث ،القاهرة
7. علم الدين، محمود(2008): الصحافه الالكترونية ،دار السحاب للنشر والتوزيع، .ج1،الاردن.
8. محمديان، د.محمد (2014): **تاريخ تبليغات در جيهان**، انتشارات نوين، تهران.
9. محمد، بەناز ئەحمەد (2017): هونەری نەخشەسازی لەبەرهەمهێنانی ریکلامی رۆژنامەوانیدا،گۆڤاری لڤین و رۆژنامەی ئاوێنە بە نموونە ، نامەی بلاو نەکراوەی ماستەر،(زانکۆی سلێمانی ،کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن.
10. عەلی ،ئەحمەد قادر(2017): رۆڵی ریکلام لە تەلەفزیۆنەکوردیەکان لەسەر رەفتاری بەکاربەر لە (پۆشاکپۆشیدا)نامەی بلاونەکراوەی ماستەر،(زانکۆی سلێمانی ،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان،بەشی راگەیاندن.
11. الموسوي، كريم مشط ( 2005): الحملات الاعلانية في انتيخابات مجلس نواب العراقي الدائم2005،دراسة المقارنة و حصر الشامل للأعلانات صحف (البيان والاتحاد و المشرق) أطروحة دكتوراه غير منشورة، (جامعة بغداد:كلية الاعلام، قسم العلاقات العامة.
12. سهاد عدنان جلوب المطيري(2006): الأعلان في القنوات العربية والاتجاهات الاستهلاكية للجمهور العراقي، رسالة ماجستير غير منشورة،جامعة بغداد، كلية الاعلام، قسم الصحافةالاذاعة والتلفزيونية.
13. سليمه، بالمهدي ، يامنه،بصيرة (2015) فعالية الاشهار التلفزيوني علي الشباب في الجزائر، رسالة ماجيستير غير منشورة، كلية علوم الإنسانية و الاجتماعية، قسم علوم الاعلامي والاتصال،جامعة قاصدي مرباح-ورقلة.
14. صابر، لاميه(2009-2010):الحملات الاعلانية في باقه MBC،و دورها في التوعية الدينية للشباب، رسالة ماجيستير غير منشورة، كلية الحقوق، قسم الاعلام والاتصال،جامعة الخاج لخضر.
15. الحبيبي، ريهام احمد محمد(2014):مصداقية المضامين الدينية الاسلامية في وسائل الاعلام الجديدة لدي الجمهور المصرية، دراسة مقارنة(رسالة دكتوراه غير منشورة)كلية الاداب، قسم ،الاعلام،جامعة المنصورة، القاهرة.
16. فرحات، دانا عماد محمد(2015) :دور الفضائيات اللبنانية في التشكيل اتجاهات الرأي العام اللبناني نحو الطائفية،رسالة ماجيستير غير منشورة، جامعة الشرق الاوسط ،الاردن.
17. Verstraten,Romy(2015):The effect of advertising credibility A magister message that is not published, Rotterdam Erasmus University Rotterdam, Marketing Department, The Netherlands.
18. بن سعود، المعز(2006): دلالات الاعلان التلفزيوني بين الموقل و المعيش،مجلة اتحاد اذاعات الدول العربية، عدد2، تونس،.
19. صديق حسين(2012):اتجاهات من منظور الاجتماع،مجلة جامعة الدمشق،مجلد 28العد 4+3.
20. متعب، حيدەر شلال ،عبيد، حاتم بدوي (2017):اتجاهات الجمهور نحو تغطية القنوات الفضائية للاحداث الجارية،دراسة مسحية علي جمهور مدينة بغداد،مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والانسانية،جامعة بابل.
21. حسين،هاله فاضل، عبدالحسن، هاشم جعفر(2014):مصداقية وسائل الاعلام المحلية،في مجال الخدمات العامة(دراسة استطلاعية)مركز بحوث السوق وحماية المستهلك ،المجلة العراقيه لبحوث السوق وحماية المستهلك، المجلد(6) العدد(2) ،جامعة بغداد.